# سێبەری دارگوێز!

م/ پشدەری
pishdari@hotmail.com

مەبەست لەنوسینی هەریەکێک لەوتە بەنرخەکانی پێشینان کەزیاتر مەبەستەکانیان لەژێرپەردەدا پێکاوەو هاندەرێکیشن بۆئێمە کەزیاتر خۆمان و دۆست و دوژمنەکانمان بناسین، ئەوەیە کەئێمەی کورد زۆرجار لەبەر نیەتپاکی خۆمان ئەگەرچی چەندین جاریش فێڵمان لێکرابێت و خیانەتمان پێکرابێت، بەڵام بەداخەوە ئەزموونمان هەر وەرنەگرتووەو هەرلەبیری باجێکی تردا بووین بۆداپۆشینی هەڵەیەکی تر. !!!

دەڵێن: جارێک کابرایەک لەژێر سێبەری دارگوێزێکدا خەو دەیباتەوە، لەهێکرِا مارێک پەیدادەبێت و دەسوورِێتەوە بەدەوریدا، لەهەمانکاتدا دارگوێزەکە لێیدەپرسێ و دەڵێ: چیت دەوێت لەو کابرایە؟ بۆ ئاوا لەدەوری هەڵدەسوورِێی؟! مارەکە لەوڵامدا دەڵێ: ئەوە مرۆڤەو مرۆڤیش دوژمنی منە، دەمەوێ هەرئێستا بەئارەزووی خۆم گازێکی لێبگرم و بیکوژم.

دارگوێزەکەیش دەڵێ: باشوایە لێی گەرِێی بۆمن، چونکە هەرکەسێک لەژێر سێبەری مندا بخەوێت، بۆی دەبێتە خەوی یەکجاری و جارێکیتر خەبەری نابێتەوە!!!

من ئێستایش منداڵ ئاسایی زۆر حەز لە ئەفلام کارتۆن دەکەم، بەتایبەتی ئەو ئەفلام کارتۆنە کوردیانەی کەزۆر جار لەبەرنامەکانی کەناڵی کوردسات دا ڕێکخراون و پێشان دەدرێن، کەپێموایە هەرکامێک لەو ئەفلام کارتۆنانە، واتاو ناوەرۆکێکی تایبەتی هەیەو منداڵی گەورەیش سوودیی لێوەردەگرێت. (برادەرێک دەیوت: ئەفلام کارتۆن بۆگەورانە، بەڵام منداڵیش حەزیان لێ یەتی)

یەکێک لە ئەفلام کارتۆنەکان کەپێکهاتووە لەکۆمەڵێک ئاژەڵی درندە، لەناو ئەوانیشدا کەروێشک وەکو بێ هێزترین ئاژەڵ، زۆر خۆشحاڵە چونکە بەهێزترین ئاژەڵی سەرزەوی کەشێرە، دەیپارێزێت لەمەترسی ئاژەڵە درندەکانی دیکە! وابزانم ماناو ناوەرۆکی ئەو دوو کورتە چیرۆکە زۆر ڕوونەو پێویست نییە کە زۆر درێژەی پێ بدرێت، بەڵام مەبەستی من لەو دوو نموونەیە ئەوەیە کەبەداخەوە ئێمەی کورد، تاکوئێستایش لەگەڵدابێت، پشتمان بەخۆمان نەبەستووەو پێمانوایە کەبێ هێزترین نەتەوەی سەرزەوین! بەڕای من ئێمە نابێ پێمانوابێت کەئەوەندە لاوازو بێ هێزین و هەرچاوەڕوانی ئەوە بکەین کەشێر بمانپارێزێت، ئێمەیش وەکوو نەتەوەیەکی (چل ملیۆنی) هیچمان لەدەوروبەرمان کەمترنیە، تەنیا شتێک کە زۆر پێویستە بۆ پارێزگاریکردن لەخۆمان و نیشتیمانە پیرۆزەکەمان، تەبایی و یەکڕیزی و یەکدەنگییە، وەنابێ ئەوەندەیش لەژێر سێبەری دارگوێزدا بۆی بخەوین و دەستمان بخەینە ژێر سەرمانەوە. **( کورد دەڵێ: ئەگەر لەناو گورگاندا گورگ نەبی، گورگ دەتخۆن)**